Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.02 02:22:54 +01'00'

IKUF
Iransk Kurdiska Ungdomsförbundet i Sverige.

لاوان
کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی سوئێد.

Democratic Youth Union of Iranian Kurdistan

# پرسەنامەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی
# یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران- سوئێد
# بەبۆنەی کارەساتی 04/02/01 لە هەولێر

**هاونیشتیمانە بەڕێزەکان!**

**لاوانی خۆشەویست!**

**دوژمنانی گەلەکەمان لەهەر ئان و زەمانێکدا بۆیان لوابێ ڕق وقینی شوڤێنیستانەی خۆیان بەرامبەر بەگەلەکەمان نیشانداوە و بۆ تواندنەوە و لەناوبردنی گەلی کورد لەهیچ کردەوەیەکی دزێو و نائینسانی خۆیان نەبواردووە، دوژمنانی ئێمە لە مەیدانی ڕووبەڕووبونەوە و مەیدانە دیپلۆماسیەکاندا بەرامبەر بەبوونی کورد و مافەکانی بەچۆکداهاتوون، چیدی ناتوانن کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی نێوخۆیی باس بکەن، ناتوانن ئازادی و خۆبەرێوەبەری کوردان بەچاوببینن و چاویان بە ئازادی و ئاسایشی کوردستان هەڵنایە، بۆیە هەر ڕۆژە بە بیانویەك و هەرجارەی بەجۆرێك نیازە گلاوەکانی خۆیان بەرامبەر بەکورد و کوردستان نیشان دەدەن.**

**ئەمرۆ دیسان جارێکی دیکە دەستی ڕەشی تاوانباران و دوژمنانی ئازادی، ئاشتی و مافەکانی مرۆڤ تاوانێکی دیکەیان لەمێژوی پڕ گوناهی خۆیاندا تۆمارکرد و زامێکی قووڵی دیکەیان خستە جەستەی خەباتی ئاشتی خوازانەی گەلەکەمان بۆ گەیشتنی بەویست و داخوازە ڕەواکانی.**

**بەپێی هەواڵی گەیشتوو سەعات 11 ی سەر لەبەیانی ئەمڕۆ لە شاری هەولێر هاوکات لە هەردوو بارەگای لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەڵبەندی 3 ی یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان، لە کاتێکدا کە بەرپرسانی هەردوو حیزب و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرگەرمی پێشوازی لە هاوڵاتیان بوون بە بۆنەی جێژنی پیرۆزی قوربانەوە، دوو تیرۆریست کە جل و بەرگی پیاوانی ئایینی‌یان پۆشیبوو خۆیان خزاندە نێو ئاپۆرەی هاولاتیانەوە و لە بەردەم بەرپرساندا خۆیان تەقاندەوە.**

**لە ئاکامی ئەم کردەوە دژی ئینسانی‌یەدا 56 کەس شەهید بوون و نزیك بە 200 هاولاتیش بریندار بوون، لە ناو شەهیدەکاندا پۆلێك سەرکردەی لێوەشاوەی گەلەکەمان بەرچاو دەکەون کە**

بریتین لە (سامی عبدالرحمن، شەوکەت شێخ یەزەدین، ئەکرەم مەنتك، مەهدی خۆشناو، سەعد عەبدولا، عەمید نەریمان، مەحمود هالۆ، شاخەوان عەباس، خەسرەو شێرە، محەمەد بەحرەکە، بەهرۆز قەشقە و ... ). وێڕای بە توندی مەحکوم کردنی ئەو کارە تیرۆریستییە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بە بنەماڵەی شەهیدان و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەگەیەنین.
ئێمە دڵنیاین دوژمنانی گەلەکەمان هەروەك هەمیشە بێجگە لە ڕوو ڕەشی و بەزین شتێکی دیکەیان بەنسیب نابێ چارەنووسی تیرۆریستان و بەکرێگراوان هەرگیز ئاسویەکی ڕوونی نەبووە و نابێ، گەلی کوردیش هەروەك هەمیشە لە سەر ویست داوا ڕەواکانی خۆی سورتر دەبێ.

سەرکەوێ خەباتی ئاشتی خوازانەی گەلی کورد بۆ وەدیهێنانی ویست و داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتیی
یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران – سوئێد
2004/02/01